
هەست دەكات كە رووتە
كۆمەڵە شیعرێكی وەرگێردراوی بیانی
هۆشەنگ شێخمحەمەد
٢٠١١ هەولێر

## سێ شیعری رافائێل ئەلبێرتی

### (١)
### شعرێک لە بارەی ئەوەی با گووتوویێتی



نەمریی دەتوانێ ببێتە
تەنها رووبارێک
هەسپێکی لەبیرکراو
فڕینی کۆترێکی وێڵ
هەر کە مرۆڤ لە خەڵکی دوورکەوتەوە
با دێت، بۆ ئەوەی شتی دیکەی پێ بێژێ
گوێ و چاوەکانی بە شتی دیکە بکاتەوە
ئەمڕۆ لە خەڵکی دوورکەوتمەوە
بە تەنیا لەسەر لێواری دۆڵێک وەستام
لە رووبار رامام
لە هەسپێک زیاتر هیچی دیکەم نەدی
جگە لە هەڵفڕینی کۆترێکی وێڵ گوێم لە
هیچی دی نەبوو
با وەک رێبوارێک نزیک بۆوە و پێی وتم:
نەمریی دەتوانێ ببێتە
رووبارێک و بەس
هەسپێکی لەبیرکراو
هەڵفڕینی کۆترێکی وێڵ

## (2)
## من چەند تەنیام!..

هەندێجار تەنیاییم چەند دژوارە، ئاە چەند تەنیام،
چەند هەژار و خەمبار و تڕۆکراو!
بەم شێوەیە ئارەزووی چاکەیێک دەکەم
لە کەنارەکانی لەدایکبوونم، لە کێڵگەکانم.
بە خۆشەویستی سوێندتان دەدەم،
پارچەیێک لە رۆناهییێکی لەسەرخۆ،لە ئاسمانێکی ئارام
بە گەڕاوە ببەخشن
رەحمەت! نامناسن...
من داوای زۆرم نەکردووە... شتێکم بدەنێ.

## (3)
## لەسەر دەریا بمگوشن

لەسەر دەریا بمگوشن،
لە بن هەتاو، وەکئەوەی جەستەم
پاتەی چارۆگەیەک بێت.
هەموو خوێنم بگوشن
بو وشککردنەوەی ژیانم،
لەسەر پەنچەرەی رەسیف درێژم بکەن
وشکم، فڕێم دەنە نێو ئاو
بەردێک بە ملمەوە گرێدەن
تا قەت سەرئاو نەکەومەوە
خوێنم بە دەریا بەخشی

بەلەمەکان تێیدا بگەڕێن
منیش لە ژێریدا قەرارگرتوو!

سەرچاوە:
http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat=lsq&shid=776&start=0
ترجمة : صالح علماني وعاصم الباشا
من كتاب ( رفائيل البرتي، مختارات شعرية ) من ترجمة صالح علماني وعاصم الباشا، دار الفارابي، بيروت ـ 1981

## چەند شیعرێکی
## فدریکو جارسیا لورکا



### (١)
### سروودی سوارچاک

قورتوبە
من دوورم و.. تەنها
ماییێنێکی رەش.. مانگێکی زل
گیرفانم تژی زەیتونە
هەرچەندە شارەزای رێگاکانم
بەڵام هەرگیز ناگەمە قورتوبە

لە رێگەکاندا.. لە نێو بادا
ماینێکی رەش .. مانگێکی سوور
مەرگ تەماشام دەکا
لەسەر تاوەرەکانی قورتوبە

ئای رێگا چەند درێژە!
ئای ئەی ماینە ئازاکەم
ئای ئەو مردنە دەبێت چاوەڕێم کات
پێش ئەوەی بگەمە قورتوبە

قورتوبە
من دوورم و .. تەنها

## (٢)
## ماڵئاوایی

کە دەمرم
بانێژەکەم بە کراوەیی بەجێدێڵم

منداڵە گچکەکە پرتەقاڵ دەخوات
(دەتوانم لە بانێژەکەمەوە ببینم)

جووتیارەکە گەنم دەدوورێتەوە
(دەتوانم لە بانێژەکەمەوە ببینم)

کە دەمرم
بانێژەکەم بە کراوەیی بەجێدێڵم!

## (٣)
## خۆکوشتن

(رەنگە ئەو ئەندازە و ماتماتیکەکەی نەزانێت)

کاتژمێر دەی بەیانییێک
گەنجەکە بیری چوو
دڵی بە خێرایی پری
باڵی شکاو و گوڵی قاقەزی دەبوو

هەوڵیدا ئاگای لە دەمی بێت
بەڵام تاکە وشۆکەیێک مایەوە
کە دەستکێشەکانی داکەلاندن
خۆڵەمێشێکی ورد و لاواز لە لەپەکانی پەرشبوون

لە بانێژەکەوە .. تاوەرێکی دیت
هەستی کرد خۆی بانێژەکە و تاوەرەکەیە
بێگومان تێبینیشی کرد کاتژمێرە قۆدییەکە
لە نێو چوارچێوەکەیدا چاودێری دەکات
بینی سێبەرەکەی لەسەر قەنەفە سپییە حەریرییەکە
بە ماندوویی درێژ دەبێت
ئینجا مناڵەکە بە زیرەکی و زەینی ماتماتیکیی خۆی
ئاوێنەکەی بە بیور شکاند
کە وردووخاش بوو.. رووبارێک لە سێبەر رژا
تا ژوورە وەهمییەکەی نگووم کات

## (٤)
## گۆرانی یەکەم ئارەزوو

لە سبەینەی سەوزدا
ویستم دڵێک بم
دڵێک..

لە ئێوارەی تەڕدا
ویستم شالوورێک بم
شالوورێک

ئەی رۆح
رەنگی پرتەقاڵ بگرە
ئەی روح
رەنگی خۆشەویستی بگرە

لە سپێدەی چالاکدا

ویستم خۆم بم
وەک دڵ
لە کۆتایی ئێوارەشدا
ویستم دەنگم وەک شالوور بێت

ئەی رۆح
رەنگی پرتەقاڵ بگرە
ئەی رۆح
رەنگی خۆشەویستی بگرە

http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat=lsq&shid=584&start=0

## ساچمەکان
## لویس ئەڕاگۆن




**(1)**
**چیدی گلەیی مەکە،**
**لەوە گاڵتەجاڕتر نییە مرۆڤێک کە نەگرییێت و**
**گلەیی بکات**

**(2)**
**دەگەڕێم و**
**چەقۆیەک لە نوتەکی لە ناخمدا چەقیوە**
**دەگەڕێم و**
**پشیلەیەک لە خەیاڵمدایە**
**دەگەڕێم و**
**ئینجانەی گوڵێکی وەریو و**
**وێنەگەلێکی بچووکراوەم پێیە**
**بە کەچە بەرگێک دەگەڕێم**

دەگەڕێم و
كونێكی گەورەم دە دڵدایە

(3)
بڕوام پێ بكە
هیچ شتێک وەک بیركردنەوە
ئازارهێن نییە

(4)
چامە چەندی كورت بێت
زیاتر روودەچێتە ناخەوە

(5)
با ئەو شاعیرە لە شار دەركەین
لەو شارەدا شوێنی ئەو جۆرە برینە
نابێتەوە

(6)
هەموو شتێكمان درووست كرد بۆ ئەو كەسانەی دەخنكێن
هەموو شتێک بۆ ئەوانەی دەیانەوێت هەناسە بدەن
لەسەر شەوەكان دا پەنجەرەمان درووست كرد
لە هەموو شوێنێک پەناگەمان كردنەوە
ئەوانیش گلەییان نەكرد

(7)
قەت هیچ شتێک لە زەردەخەنە جوانتر نییە
هەتا لەسەر رووخسارێكی تێكچووش
ئایا ناتەوێت جوان بیت؟

(8)
ئەو هەنگاوە برینداره دووردەخەمەوە

**(9)**

**تۆ چەند راستیت ئەگەر چاوت لەسەر**
**ئەو خوێن پژانە هەڵگرت**

**(10)**

**هەموو شتێک بە تەواوی لە جێی خۆیەتی**
**یان بە لایەنی کەمییەوە هەموو شتێک دەبێت**

**(11)**

**ئەی سواڵکەر**
**دەستە پانکراوەکەت بشۆ**

**(12)**

**ئەوەی دەڵێ من ئازارم هەیە**
**ئەوانەی دی لە بیر دەکات**

**(13)**

**بەس نییە بێدەنگ بیت**
**بەڵکو پێویستە بزانیت چۆن شتێکی دی بێژی**

**(14)**

**مەلعونە ئەو رووەکەی**
**چاوان روون ناکاتەوە**
**مافی شاعیر نییە**
**دەستەودامێن بێ گوڵدەرکردن دانیشێت**

**(15)**

**هیچ برینێک نییە**
**بە کەمێک جوانکاری**
**دەمێکی لێ درووست نەکەی**
**یان هاوارێک کە ناتوانین بیگوێزینەوە....**
**تاکە تاوان بێسەروبەرییە**

**(16)**
**بۆ ئەوانەش قسە دەکەم کە ناتوانن بنوون**
**ئەوان تەنیا نین، مادام منیش لەوان دەچم**
**هەروەها بۆ ئەوانەش قسە دەکەم**
**کەدەپاڕێنەوە بمرن**
**بۆ بە من دەڵێن خۆپەرستی؟**

**(17)**
**ژیان پڕە لە ساچمە**
**بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ژیانە**

**(18)**
**هەندێجار خۆشە لە شەودا هاوار بکەین**

**(19)**
**جارێکی دی لەمڕۆوە چاوی ئەو منداڵە مردووانە**
**دەبنە لەمپەر لە نێوان تۆ و ئاوێنەدا**

**(20)**
**وشەی شەرم نەزانیت**

**(21)**
**هەوڵدەن بچنە نێو دێری شیعرێکی فڕەنسی**
**ئەو وشەیە "ساقية سيدي يوسف" لە خەنجەر دەچێت**

http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat=shqas&qid=82737&r=&rc=11
ترجمة: عبد الوهاب البياتي وأحمد مرسي
عن كتاب: أراغون شاعر المقاومة- الطبعة الثانية 1994
المؤسسة العربية للدراسات والنشر

## چەند شیعرێکی کۆنستانتین کاڤافی
## Constantin Cavafy



(١)
شەوێک
ژوورەکە نەدار و
ئاسایی بوو
لە سەر باڕێکی بەدگومان لە قورنەتێکەوە خزابوو
لەپەنچەرەکەوە،
مرۆڤ دەیتوانی گەڕەکەکە ببینێت
تەنگ و پیس بوو
لە نهۆمی ژێرەوە
دەنگی کرێکارەکان دەهات
قوماریان دەکرد و رایان دەبوارد

لەسەر نوێنە ساکار و هەرزانەکەش
لەشی خۆشەویستم هەبوو
لێوەکانیم هەبوون
لێوە شەهوانی و سوورەکان
سوور لە نەشوەیەکی هار
بە شێوەیەک دوای ئەو هەموو ساڵانە
کە ئێستا لە ماڵە تەنیاکەمدا
دەنووسم
سەر لە نوێ پێی سەرخۆش دەبمەوە

(٢)
مانەوە
کاتژمێر یەک یان یەک و نیو بوو
لە قوڕنەی یانەیەکەوە،
لە پشت سەنگەرێکی دارینەوە.
جگە لە ئێمە، یانەکە چۆڵوهۆڵ بوو
چراییێک رووناهێیکی کزی پەخش دەکرد
لە لای دەرگەکە
بۆیەکە لە بێداریدا خەو بردبوویەوە،

* * * * *

کەس نەیدەتوانی بمانبینێت
و ئێمەش زۆر ورووژابووین
مەحاڵ بوو وشیاری خۆمان بین
جلمان کەم لەبەر بوو
قۆپچەکانمان کرابوونەوە
لەبەرگەرمای دژواری گەلاوێژ

چێژێکی شەهوانی
لە نێوان جلە قۆپچە کراوەکان
_رووتبوونەوەی خێرای لەشی مرۆڤ_
سێبەرەکەی بیست و شەش ساڵی پری
تا ئێستا
لەو چامەیەدا بمێنێتەوە.

(٣)
لە کاتژمێر نۆوە

دوازدەو نیوە، وەختەکە چەند زوو تێپەڕی

لەوەتەی لە کاتژمێر نۆوە چراکەم داگیرساند
تا لێرە دانیشم، بێ ئەوەی بخوێنمەوە
بێ قسەکردن، ما لەگەڵ کێ قسە بکەم،
کە بەتەنیا لە ماڵەوەم.

لە کاتژمێر نۆوە، کە چراکەم داگیرساند
سێبەری جەستەی دژواری خۆم لێ دەرکەوت و وای لێ کردم
عەتری ژوورە داخراوەکان و چێژە کۆنەکان بگەڕێنمەوە
چێژە ئازاکان

دووبارە وەک جاران شەقامەکانم دیتنەوە
کە ئێستا زەحمەتە بیانناسییەوە
ئەو مەلهایانەی کە جمەیان دەهات و داخران
شانۆ و قاوەخانەکانی جاران

هەروەها سێبەری جەستەی دژوارم هەندێ یادگاری
بە ئازاری بۆ هێنام:
پرسەکانی ماڵەوە، جیابوونەوە،
خەڵکانێکی ئەزیز،
هەستییان وەک هەستی خاوەن مردووان
کە وەک پێویست رێزی لێنەگیراوە...
دوازدە و نیوە، چەند خێرا تێپەڕین کاتەکان.
دوازدەو نیوە، چەند خێرا تێپەڕین .. ساڵەکان

(٤)
رۆژانی ١٩٠٣

نەمدیتەوە، خێرا رۆیشت
چاوە شاعیرییەکان و رووخسارە زەردەکە

لە شەقامە تاریکەکەدا..

قەت نەمدیتەوە، ئەو چاوانەی بە ڕێککەوت بردمەوە و
دواییش فەرامۆشم کرد
دووچاوی شاعیری، رووخسارێکی زەرد
ئەو لێوانە،
هەموو ئەمانەم بۆ ئەبەد لەدەستچوون
مارسی ١٩٠٩

http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat

## ئەلدا مەرینی
## ١٩٣١-٢٠٠٩

پێشکەش کردن و وەرگێرانی بۆ عەرەبی جومانە حەداد
٢٠١١/٠٨/٢٧



لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا بوو، کە ئەویشیان لە خاچ دا. لە ساڵی (١٩٦٤) بریاریان دا کە شێتە و لە ساخلەمخانە (سانتۆریۆم)ێکدا بۆ ماوەی دە ساڵ دەستبەسەرییان کرد. لە ماڵ و منداڵ و مێردەکەی دووریانخستەوە و پێیان گووت : "ئەوە شەیتانەکانت و شەڕییان دەگەڵ بکە!" ئایا لە پاکژگەکەیدا لە بەناو شێتییەکەی چاک بۆوە؟ نزانم، بەڵام دەزانم ئەو تا ئێستاش دەگەڵ ئەوێدا هەر خەریکە. لەوێ جوانترین چامەکانی نووسین و ناوی دیوانەکەشی نا (خاکی پیرۆز)

ئەو شاعیرە ئیتالییە لەو خاکە نەفرەتلێکراوە چی دیت؟ ئایا شەڕی دەگەڵ شەیتانەکان کرد یان هاوپەیمانییێتی دەگەڵ بەستن؟ ئەو ژنەی شێتانە پێوەستی جگەرەکەی بوو ئایا لەوێ سووتا یان گورزە خۆڵەمێشەکانی لەسەر گیانی ماڵین؟ کە هاتە دەرەوە گووتی: شاعیر لە شەودا نما دەکات و ئەو هەناسەی خوایە. کە لەوێ دەرچوو گوتیشی: کە گرانترین کەس لەسەر دڵی ئەودا "ئەلدا میرینیی"ە و بەرگەی ساویلکەیی ئەو ژنە ناگرێت. لە تەمەنێکی درەنگدا بە رووتی وێنەی خۆی گرت، بۆ ئەوەی نەبوو بە خۆڕایی خەڵک تورە بکات، بەڵکو دەیویست دەربرین لە هێزی ئازارەکانی بکات. چونکە لە ساخلەمخانەکەیدا وەک ئەوەی "کەلوپەل" ێک بێت جلەکانییان لەبەر دادەکەند، ئەو تا ئێستاش هەست دەکات کە رووتە.
دووبارەی دەکەمەوە: تا ئێستاش هەست دەکات کە رووتە.

## هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی

جاران چۆلەکەیەک بووم
بنسینگ نەرم و سپی
بەڵام یەکێک هات و کوشتمییەوە
رەنگە سەری پراوی من بە پێکەنینی بێخێت
نزانم

نەورەسێکی گەورەبووم
بەسەر دەریاکاندا لە شەقەی باڵم دەدا
بەڵام یەکێک بێ ئاگادارکردنەوە
رێگەی گرتم

ئەگەر لێرەش راکشاوم
لەسەر خاکی ساردی ئەو ساخلەمخانەیە
بەلام گۆرانی خۆشەویستی خۆمتان هەر بۆ دەچرم.

* * * * *

جوانترین چامەکان
لەسەر بەرد دەنووسرێن
بە دوو ئەژنۆی بریندار
بە زەینێک پەنهانی بەئاگای هێنابیت
جوانترین چامەکان لە بەرامبەر
کوشتنگەیەکی خاڵی دەنووسرێن
کاتێک
پەیامبەرانی شێتییّتی خودایی
گەمارۆمان دەددەن.

* * * * *

ساخلەمخانە دنبکە

لەوێ وڕێنە دەنگدانەوەیەتی
بزربوونی ناسنامەش ریتم.
ساخلەمخانە (تورِی سینا) یە

نەفرەتلێکراو
کە وەسییەتنامەیەک وەردەگرین
مرۆڤ هیچی لە بارەوە نازانێت.

* * * * *

کە گەیشتم
سێ چاو پێشوازییان کردم
خستمییانە قوڵایی خۆیانەوە
سێ چاوی توند و شێتانە
ئی سێ ژنی شێت.

کە گەیشتم
شێت بووم و زانیم
ئەم گۆمە شینە
لە گەڕێکی قوراوی
زبڵوزاری هاڕاو زێتر نییە و
تێیدا دەخنکێم.

* * * * *

مانگ لە باخچەکانی ساخلەمخانەدا هەڵدێت
لە قورنەیەکیشدا نەخۆشێک دەناڵێنێ
دەستەکانی دەخاتە گیرفانە ڤاڵاکانی
مانگ بە بێنەوسییەوە لە باخچەکانی ساخلەمخانەدا هەڵدێت و
داوای ئەشکەنجەدانی دەستبەسەرەکان دەکات
داوای خوێنییان دەکات
بینیم نەخۆشێک

بە نەزیفەوە دەمرێت
لە ژێر مانگی گڕگرتوودا.

* * * * *

ئەی لەش، گەمەی خۆڵەمێشی
بە ئارەزووی پیرۆزەیی
تا کەی زیندانم دەکەیت؟
تۆش ئەی گیانی شەل
شێواو و پەککەوتە
ئەی گیانی سونەت کراوم
چی دەکەیت
لە نێو جەستەدا
ئەوها راکشاویت؟

* * * * *

لە پێناو تۆدا وشە زیوینەکانم نووسین
لە پێناو تۆدا کوژانەوەی خۆم نووسی
کاتی ئەوە هاتووە بزربم
دەربازبوونێک بۆ دەنگی سوژدەبردووم نییە
تەنیا سروودێک کە لە جەستەمەوە بزێت
سروودی خۆشەویستییێک رەنگە
ئەو ئەبەدییەتە بێ سنوورەی من
پێ بگەیەنێت

* * * * *

ئەگەر کەسێک هەوڵیدا
لە رووانینت بگات
ئەی شاعیر
بە سەرگەرمی بەرگری لە خۆت بکە
چونکە روانینی تۆ سەدان

ئەو روانینایە
کە بێ موبالاتانە لە تۆدا رادەمان
ئەو کاتەی تۆ دەلەرزیت.

سەرچاوە:

http://www.jehat.com/Jehaat/ar/KheyanatThahabeya/italy/elda.htm

## پێنج شیعری ئۆکتاڤیۆ پاز



### ئێرە

بە درێژایی ئەو شەقامە
هەنگاوەکەم زەنگ لێدەدا
لە جادەیەکی دیکەدا
گوێم لە هەنگاوەکانمە
بە درێژایی ئەو شەقامە دەڕوات
کە تێیدا
تەنیا تەم
راستییە

### هۆکارەکانی مردن

باسی وڵاتیان بۆ کردم
منیش بیرم لە خاکێکی هەژار دەکردەوە
گوندێک لە خۆڵ و رووناکی
لە شەقام و دیوار
دەگەڵ مرۆڤێکی بێدەنگ لە بن دیوارەکەدا.

ئەو بەردانەی بن هەتاوی کاول و
ئەو رووناهییەی دە رووباردا خۆی رووت دەکاتەوە
بیرچوونەوە یادەوەری دەکاتەوە
ناتوانین و ناشیهێنینەوە
خەونەکانی نووستن، ئامادەبوونێکی لە ناکاو
زەمەن پێی دەبێژێ ئێمە خۆمان نین،
بەڵکو ئەو بیری دێتەوە ئەو خەون دەبینێت.

وڵات لە گۆڕێ نییە، خاک و وێنەکانی خاک هەن
خۆڵ و رووناهی لە کات دا...

### پاییز

با بە ئاگا دێت و
هزرەکانم لە ئەنییەدا دەسڕێتەوە
نگووم دەکا لەو رووناکییەی بۆ هیچکەس خەندە دەکا.
وەی لەو جوانییە پەرشە
ئەی پاییز : دەنێو دەستە ساردەکانتدا
دنیا دەکوڵێ

### ئەویدی

رووخسارێکی بۆ خۆ ئافراند
لە پشتییەوە
چەندەها جار
ژیا و مردوو زیندووش بووەوە

ئەمڕۆ لۆچەکانی ئەوێ رۆژێی لە سەر رووخسارە
بەڵام
لۆچەکانی بێ رووخسارن

### چارەنووسی شاعیر

وشەن؟ بەڵێ لە با
و لە باش دا بزردەبێ

لێمگەڕێ دە نێو پەیڤەکاندا ون بم
لێمگەڕێ ببمە با لە لێوێکدا
فوێکی وێڵی بێ کەنار
کە لە هەوادا گووم دەبێت

هەروەها رووناکی دە خۆیدا ون دەبێت.

## منداڵی زێرینی پاکتان لە چریکەیەکدا دەمرێت
## شاعیری ئەمریکی (سیلڤیا پلات)
## (١٩٣٢-١٩٦٣)



پێشەکی و وەرگێرانی بۆ عەرەبی: جومانە حەداد

"ئێستا، بۆ من واتە هەتاهەتایە، هەتاهەتایەش رادەکات و بێبڕانەوە لەهەر چرکەیەکدا لە ژیاندا دەتوێتەوە. هەر ساتێک کە دەڕوات مردنە. هەست دەکەم لە ژێر گرانی کاتەکاندا پلیشاوەمەتەوە، من ئێستام، دەشزانم منیش لە نێودەچم. مرۆڤ ئەوها دەڕوات، بەڵام نووسین، ساتی هەرە باڵا، دەمێنێتەوە و لەسەر رێگەکانی ئەم جیهانەدا بە تەنیا رێ دەکات "

سیلڤیا بلات

سیلڤیا لە سپێدەی ساردی رۆژێکی ساڵی ١٩٦٣ دا زوو لە خەو رابوو. تەماشای دەمژمێرەکەی کرد کات چوار و نیوی بەیانی بوو. لە نێو ئەو جێگەیە هەڵسایەوە، کە چیتر تاقەتی گرانی لەشی سووکی ئەوی نەمابوو. پێیەکانی لە ماڵێدا بە دووی خۆدا کێشان. بە سۆزەوە دەستی لە وێنەی باوکی دا کە لە دیواری رێرەوەکە درابوو، ئینجا چاوێکی خستە سەر منداڵەکان کە لە بێدەنگی ژوورەکەی دیدا خەویان لێکەوتبوو، سەری ماندووی چەماندەوە و پەنای بردە سەر سینەی فراوانی مێزەکەی. ئەو مێزەی مێردەکەی (تێد) بە دەستەکانی خۆی بۆی درووست کردبوو. بە ویقاڕی فریشتەیەک لە هەمبەر کاخەزی سپیدا دانیشت، پێنووسێکی هەڵگرت و دەستی بە نووسین کرد. وای نووسی وەکئەوەی بزانێت، وەک ئەوەی کەسێک بکوژێت و وەک ئەوەی کەسێک بکوژرێت و وەک کەسێک قومار بە چارەنووسی خۆی بکات، ناوی چامەکەی کردە (لێوار) لە لێوارە بەرزەکەیدا تەماشای خەرەندی جیهانی کرد بە نهێنی وتی: " تاریکی و شەختە و بێئومێدی و بۆشایی" " مانگ هیچ

پاساوێکی نییە بۆ خەم" چووە ناندین ، چێشتی بۆ منداڵەکانی (فریدا و نیکۆلاس) هێنا، پارچە نانێکی نەرم بە کەرە و هەندێ شیر. خواردنەکەی و خۆشەویستی لەسەر زەوی تەنگی نێوان هەردوو تەختەکە دانا و بەسەری پەنچەکانی لە ژووری هاتە دەرێ. بە ئەسپایی رۆیشتەوە ناندین و لەسەرخۆ و بە هێمنی. هێمنییەکی تایبەت، دەرگە و پەنچەرەی بە باشی بە تیپ قایم کردن بۆ ئەوەی تا ژەهری رۆیشتنی نەچێتە دەرێ. بە دڵی خۆی وت: " زۆر رۆیشتین، بەسە" سەری غازەکەی کردەوە، لەسەر زەویە ساردەکە رازا، چاوەکانی داخستن و گەڕایەوە ماڵی یەکەمینی.

سیلفیا پلات، ژیانی خۆی وەک شەوقێک لە تاریکیدا ژیا، هەموو سات و وشە و شێتی و رەشبینی و هەلوەسەکانی دەربڕین بوون لە گەڕان لە شووناس و نەفیکردنەوەی خودیشی لە هەمان کاتدا. بەم شێوەیە بە تەواوترین شێوە بەرجەستەی موفارەقەی گەورەی نووسینی کرد: واتە "ئافراندن لە پێناو کوشتندا"و "لەدایکبوون"ی وشە لە پێناو رزگاربوون لە "کۆرپە" ی ئازار. لە بزاڤێکدا لە خوێنبەربوون بچێت، لووتکەکەشی نەمان و پەرشبوونی نووسەر بێت. دوای خۆکوشتنی، سیلڤیا پلات بووە ئایکۆنێک و نیمچە ئەفسانەیەک، کە وایکرد سەخت بێت بە چاوێکی بابەتی و رەخنەیی تەماشای بکرێت. شعرییەتی چارەنووس و کەسێتی خۆی دەگەڵ شعرێتی نووسینەکانی تا ڕادەی ئاوێتەبوون و سڕینەوەی سنوورەکان لە نێوانیاندا تێکەڵی یەک بوون. راستە هەندێ رەخنەگر باسی جیاوازی بەهای کارەکانییان کردووە، گوتوویانە چارەنووسە کارەساتبارەکەی بێگومان مەنزڵگە شیعرییەکەیان بەرزکردۆتەوە و کاریگەری و دڵبەریشی بە نووسینەکانی بەخشیووە. هەروەها رەهەندێکی وجودی تراژیدیشیان پێداوە کە رەنگە ئەگەر شاعیر مردنی خۆی بە ئارەزووی خۆی هەڵنەبژاردبا ئەوەی پێ نەبرابا، بەڵام ئەوەش ئەوە رەت ناکاتەوە کە شیعرەکانی بەتایبەتی ئەوانەی لە دوا قۆناغی ژیانیدا نووسیونی، شەیتانی شیعرییان تێدا جێگیرە و شعرییەتێکی پشتشکێنییان هەیە کە قەت ناشاردرێتەوە.
سلیڤیا لە بۆستن لەدایک بووە، لە بیست و هەفتی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢دا، دایکی بە رەچەڵەک نەمسایی بوو و باوکیشی زانایێکی زیندەوەرزانی بوو و لە خێزانێکی ئەڵمانی بوو کە لەسەرەتای سەدەی بیستدا کۆچییان کردبووە ئەمریکا. باوکی سیلڤیا زۆر نەخۆش بوو، سیلڤیا نەببووە هەشت ساڵ کە ئەو مرد. کاریگەری مردنەکەی لەسەر سیلڤیا زۆر گەورەبوو بە شێوەیەک کە لەو رۆژەدا گووتوویێتی: " چیتر قسان لە گەڵ خوای ناکەم" دوای ئەمەش هاوار و گریە و ناڵەی باوکی نەخۆشی لە شیعرەکانیدا بە چڕی دەردەکەوێت. بۆ زانین سیلڤیاش هەر لە زووەوە تووشی کێشەی دەروونی و تێکچوونی ئەعساب بووە، یەکەم جاریش لەتەمەنی بیست ساڵیدا هەوڵی خۆکوشتنی دا. لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی چیرۆک و شیعرەکانی کرد، لە ساڵی ١٩٥٥ دا چووە زانکۆی کامبرێچ، لەوێش شاعیری بەریتانی (تید هیوز) ی ناسی. یەکدییان خۆشویست و دواتریش هاوسەرگیرییان کرد. ئەو هاوسەرگیرییە بۆ سیلڤیا بەرجەستەبوونی خەونی بوو لە هاوبەشیێکی ئەدەبی و سۆزداریی و شیعری راستەقینە لەگەڵ ئەو پیاوەی عەشق دەکات. دوای کۆمەڵێک گواستنەوە و نەبوونی دارایی، لە کۆتاییدا لە ئەمریکا جێگیر بوون. لەساڵی ١٩٥٨ (ئان سکستۆن) ژنە شاعیری ناسی. دەستەخوشکایەتیێکی بەهێز و کۆمەڵێ پنتی سەیر و مەترسیداریش لە چارەنووسییاندا پێکی کۆکردنەوە. کە ئان سکستونیش لە ساڵی ١٩٧٤ دا خۆی کوشت. هەردووکییان حەزییان لێبوو دانیشن و باسی سیناریۆی خەیاڵی خۆکوشتنەکانیان بکەن.

لەساڵی ١٩٦٠ دا (فریدا) ی کچی بوو، هەروەها لە هەمان ساڵدا یەکەم کۆمەڵە شیعریی خۆی لە ژێر ناوی (پەیکەر) دا بڵاوکردەوە. کوڕەکەشی (نیکۆلاس) لە ساڵی ١٩٦٢ دا بوو، دوای ئەزموونێکی بە ئازاری لەنێوبردن. هەر لەو کاتدا تاقە رۆمانەکەشی (زەنگی شووشەیی) دەرچوو، کە رۆمانەکەی تا رادەیەکی زۆر سرووشی لە رۆمانی "سالینگەر"ی بەناوبانگ (The Catcher in the Rye) وەرگرتبوو کە تێیدا ژیانی ژنێک دەگێڕێتەوە بە وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەی. بە سادەیی و رەوانیی وەسفی کلێشەکانی ساڵانی پەنجاکانی ئەمریکا دەکات. رەتکردنەوەی رەهای خۆیشی بۆ رێسای هەلسوکەوتە پیس و دەزگەکانی چینی ناوەند کە نووسەر سەر بە ئەو چینە بوو دەردەبڕێت. بە تایبەتیش باس لە خەیاڵی مردن دەکات وەک باڵاترین دەربڕین بۆ ئازادبوون لە خوددا. لە هەمان ساڵدا، شڵەژانی نێون خۆی و تید پتر بوو، و کاتێکیش تید ناپاکی دەگەڵ کرد شڵەژانەکە گەیشتە ترۆپک و وایکرد بە یەکجاری لە یێکدی جیا ببنەوە. سیلڤیا نەیتوانی خۆی لەبەر ئەم شۆکە بگرێت. بۆیە بڕیاری دا لەگەڵ منداڵەکانی بگەڕێتەوە زستانی ساردی لۆندۆن. زستانێک کە سیلڤیا لە سپێدەی بیست و یەکی شوباتدا هەستایەوە و سنوورێکی بۆ ژیانی خۆی دانا.ئەم هەنگاوە یەکلاکەرەوەشی لە وەختێکدا هاویشت کە سەرەتای ناوبانگی جیهانی ئەو بوو. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کارەکانی و دەستنووسەکانی دوای مردنی لە لایەن (تید هیوز) ی مێردییەوە. لە کۆمەڵە شیعرییەکانی (ئارییل) و(پەڕینەوە لە ئاودا) و (دارەکانی زستان)، لەگەڵ نامە و وتارەکانی، تا یادگارییەکانی رۆژانەی کە ئەوە نیشان دەدەن ژیان و شیعرەکەی بە دوو هێلی تەریب و هاوئاهەنگ لەتەک یەک دەڕۆن تا لە مردندا درک بە ساتی باڵای بە جێگەیاندنی خۆیان دەکەن .

دوای خۆکوشتنی سیلڤیا، بزاوەکانی ژنان تاوانی بێشوومارییان ئاراستەی شاعیر (تید هیوز) کرد و ناویان نا(نێری دوژمن) واتە (بکوژی ژن) بەو شێوەیەش گەوهەری کارەکانی سیلڤیایان کورت کردەوە بۆ وێنەی بلیمەتیی ژنانەی پلیشاوە دە بن پێی کۆمەلگەی نێرخوازدا، بەڵام ئەم وێنەیە لە راستیدا تەواو نەبوو. چونکە ئەو قەیرانەی لە شیعرەکانی دەبینینەوە و هەروەها پاڕانەوەکانی کە بۆ خۆی و جیهان دەیکردن، وا نیشان دەدەن کە قەیران و پارانەوەکانی زێتر وجودی و فەلسەفی بن نەوەک ژنانە بن. لە نێوان وێلگەکانی ژیان و شیعردا سیلڤیا یەکەم شت لە هەقیقەت دەگەڕا. گەڕانەکەشی هەر لەسەرەتاوە مەلەکردن بوو بە پێچەوانەی شەپۆڵەکان. بەرەو خودی خۆی. لە کۆتایی گەڕانەکەشدا رووخسار و ماسکەکە یەک ناگرن، بەڵکە قوربانیدەری ماندوو بەسەر سەرپەلی ئازا سەردەکەوێت، بە درێژایی ئەو شەڕە وجودییە، دەنگی مردن بە توووند و تین و روونییەوە دەهات. ئەوەش لە خوێندنەوەی شیعر و یادگارییەکانی رۆژانەی و رۆمانەکەیدا دەردەکەوێت. کە هەموویان دەربڕین لە ژیانێکی راڕا و ترساو دەکەن. لە پرسیارهاییێک کە ماندوو نابن لە تاڵان و تۆقولۆقکردنی مرۆڤدا، لە گواستنەوە گەلێکی لەپڕ لە لووتکەی خۆشی بۆ دامێنی خەم و دۆڕاندن. هەروەها دەربڕین لە ململانێیکی بەردەوام دەکەن لە نێوان گوێڕایەڵی و باویی و پێویستی بۆ سەربەستی. بەم شێوەیە زمانی سیلڤیا گیانێکی ئەشکەنجەدراو و برياربار بە لەناوچوونمان نیشان دەدات، بەڵام (شەهید)ێکی هاوسەرداریێتی نییە وەک ئەوەی بزاوەکانی ژنان وێنای دەکەن و لە قالبی دەگرن. تید هیوز لە ساڵی ١٩٩٨دا واتە دوای سی و پێنچ ساڵ،تەنیا چەند مانگێکی کەم پێش مردنی توانی ئەو تۆمەتە توندوتیژانە وەلابنێت کاتێک کۆمەڵێک نامە و شیعری خۆشەویستی خۆی بڵاوکردەوە کە لە لایەن خۆیەوە ئاراستەی سیلڤیا کرابوون و پێشکەشی منداڵەکانی کردبوون، لە ژێر ناونیشانی (نامەگەلێک لە رۆژی لە دایکبوونیدا) ئەو پەرەگرافە کەمێک لە کەشی ئەو بەرهەمە دەگوێزێتەوە:

( ویستم مێزێکی توندی نووسینت بۆ درووست بکەم

**کە بە درێژایی ژیان بمێنێت**
**نەمزانی**
**من لە جیاتی ئەو**
**دەرگەیەکم درووست کردووە دەروانێتە سەر قەبری بابت**
**هەموو بەیانییێک لە پشت فنجانی قاوەکەت**
**تۆ لەسەری دەنوشتایتەوە**
**وەک ئاژەڵێک گوێ بۆ ئازارەکانی شل بکات و**
**دەڕوات تا جوێن بەو کۆتاییە بدات کە پێیەوە نووساوە)**

**ئامادەبوونی سیلڤیا لە جیهانی ئەنگلۆفۆنی بەهێزبوو، بە شێوەیەک کە پەرتووکی (کەفارەت) هەر دوای دەرچوونی نزیکەی نیو ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا، ئەمە جگە لە وەرگێڕانی بۆ سەر چەندین زمان و هەروەها لە سەرانسەری جیهاندا چەندین پەرتووک و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و وەرگێڕانی بۆ کراوە، کە زۆربەشیان لە دەوری مانگەکانی کۆتایی ژیانی سوڕاونەتەوە. واتە دوای جیابوونەوەی لە (تید) و نووسینی گرنگترین شیعرەکانی، کە هەمان کەشی رۆمانەکەی نووسەری ئەمریکی (کیت مۆزیس)ە.**
**لە نێوان ئەو شەڕانەی سیلڤیا کردنی لە تەمەنە کورتەکەیدا، بێگومان دژوارترین و خوێناویترین و توندوتیژترینییان شەڕی نێوان (خۆی و خۆی بوو) لە نێو شیعرەکانیدا. سیلڤیا وای دەنووسی وەک ئەوەی ملکەچی دکتاتۆرێک بێت لە نێو خۆیدا. لە شیعرەکانیدا دەربڕین لە ئازارێک دەکات بە قەدەر گەردوونە بەڵام لە قوڵایی ناخی خۆیدا چەپاندوویەتی. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین خۆشەویستی دەگەڵ مردن دەکرد لەسەر کاخەزدا، بەدووی کاتی لەدەستچووی یەکەمی خۆی دەگەڕا، و دەیویست شێوەو ناوەڕۆکێکی دیار بداتە ئەو شتەی کە لە بۆشایی زیاتر نییە. بۆشاییەک کە لەوێدا وشەکانی هەڵقولان و دەربڕینەکانی تێدا زاون. بەڵام تاسەی تێکشکێنەری گەیشتن بە مردن تۆوی هونەرەکەی بوو: ئەو لە یەککاتدا شیعری کردە کورسی ددانپێدانان و سەکۆی تاوانبارکردنیش. شیعرێک خاوەن دەنگ و زمان و نەبرەیەکی دوولایەنە بوو، جارێکییان خۆی بۆ رۆمانسییەتی وێنە و سۆزەکان شل دەکرد ، جارێکیش خۆی دەخستە قالبێک لە توندی و بەکارنەبردن و زمانێکی زیهنی.**
**شوناسی سیلڤیا دوولایەنە بوو لە نێوان دایکێکی نەرم و ژنێکی چالاک، لە نێوان نووسەرێکی رژد و مێیەیێکی شەهوانی، لە نێوان هاوسەری ئیدیالی و گیانێکی ئازاد. بۆیە رۆژێک بایەخی بە رووخساری دەدا و رۆژێکیش فەرامۆشی دەکرد. رۆژێک دەینووسی و رۆژێکیش ماڵی پاک دەکردەوە. رۆژێک لە نیو جێگەکەیدا بە تەنبەڵی دەمایەوە، رۆژێکیش خواردنی لێدەنا و دەچووە لای دادۆکەکان. ئەمانە هەمووی لە نێوان هەژانەوەیەکی بەردەوام لە نێوان خەمۆکیەکی وێرانکەر و ئیرادەیەکی پۆڵاییندا. بە کورتی سیلڤیا لە کورتبوونەوەیەکی وێرانکەر دابوو لە نێوان ئارەزووی لە ژیاندا "کە دەستەکانی مێرد کورتی ناکاتەوە" و شەیدابوونی بۆ خۆشەویستییەکی نموونویی کە لە هاوسەرگیرییەکی وێژەیی و هزری بەرجەستە ببێت و هەروەها سۆزدار و هەستەوەریش بێت. بۆ ئەوەی هەوەسی خۆی هەم لە خۆشەویستی و هەم لە نووسین تێر بکات.**

لەو روانگەیەوە، ئەگەر نموونەی ژنی كلاسیكیش لەبەرچاو بگرین، سیلڤیا وەک ئەو وێنەیە دەرناكەوێت كە بۆی دەكێشن، بەڵكە ئەو دژی فێمینیستەكانە، چونكە ئەگەر ئەو حەزی لە كیانی دایكایەتی و هاوسەرێیتی خۆی بوو ئەوە ئەوەندەش حەزی لە نووسینەكانی خۆی و مێردەكەی بوو، لە لایەكی دیكەوەش ئەو ژنێكی شۆڕشگێر بوو، ئازادیش بوو لە دەربڕینی هزرەكانیدا، هەندێجار وای دەبینی كە دایكایەتی گەڤێكە بۆ بانگەوازە شیعرییەكەی،بە تەنیشت (تید)ەوە بوونیش ترسناكە، نەوەک ببێتە "ئێكسسوار"ێک. مێردەكەی هەم نەیار و هەم نموونەی باڵا بوو لەیەک پیاودا، و تەواوكەری نێرایەتی كیانی ئەو بوو، بۆیە شۆكی ئەو ژنە، شۆكێكی كوژەک بوو كاتێک ناپاكی لێكرا، چونكە ناپاكییەكە لەیەككاتدا هەم كەوتنی كەسی خۆشەویست و هەم كەوتنی نموونەی باڵای ئەوبوو. و بە قووڵی نێرگزیی ئەو ژنەی بریندار كرد، ئەو نێرگزییەی كە خۆی دەیوت وەک "ئەزیزێكی شێرپەنچەدار دەنێو خۆمدا هەڵمگرتووە و ناتوانم لێی تەواو بم تا ئەو كاتەی بێچارەیی بەسەرمدا زاڵ دەبێت"

لە ژێر باری غیابی دوولایەنە، غیابی ئەویدی و غیابی خۆی لە خۆیدا، سیلڤیا ئەوەی هەڵبژارد كە بگاتە مردن، بەڵكو مردن كەمایەسییەكانی پڕ بكاتەوە و دەگەڵ ئەودا ئەو ساتە نەمر و راستەقینە رەهایە بەدەست بێنێت كە هەمیشە لە ژیانیدا شەیدای بوو. نووسی: " ئێمە هەمیشە حەزمان لە شتەكانی ترە، رۆژی دابێ، وەرزی نوێ،ئەمانەش جگە لە ئارەزووی مردن هیچی تر نین" لەو سپێدە ساردەی ساڵی ١٩٦٣ دا سیلڤیا خۆیدا بە دەستی ئارەزووی باڵای، سنوورێكی بۆ تەنیایی شاعیری نەفرەتلێكراو و مرۆڤی ئەشكەنجەدراو دانا. دەستی لە نووسین هەڵگرت، واتە لە ژیان.

كارەكانی سیلڤیا پلات: (پەیكەر ١٩٦٠)، (زەنگی شووشەیی ١٩٦٣)، (ئاریێل ١٩٦٥)، (دارەكانی زستان١٩٧١) و (پەڕینەوە لە ئاودا ١٩٧١)

## هەمیشە حەزمان لە شتەكانی ترە
## شیعرەكانی سیلڤیا پلات

### لێوار

لە كۆتاییدا ژنەكە درکی بە تەواوبوونی خۆ كرد
لەشی مردووی
زەردەخەنەی دەستكەوتن هەڵدەگرێت
وەهمی چارەنووسێكی گریكی
لە نێو لۆچی كراسەكەیدا دەڕژێ
پێیە خواستەكانی وەک ئەوەی بڵێن:
زۆر رۆیشتین، بەسە.

دوو منداڵی مردوو لەسەر سینەی
وەرپێچراو
هەر سوراحییە شیرێک مارێکی سپی تێئاڵاوە
ئێستا بۆتە بۆشایی
دیسان لە نێو لەشیدا پێچانییەوە
وەک چۆن گوڵ کەدەکانی لە باوەش دەکات
کاتێک مەستی هێرش دەکاتە سەر باخچە
عەتریش لە گەرووی شەوبۆی خۆشی قووڵ دەڕژێت
لە کۆتاییدا ژنەکە درکی بە تەواوبوونی خۆ کرد
مانگیش هیچ پاساوێکی نییە بۆ خەم
چونکە ئەو راهاتووە بەو شتانە.
بۆشاییە رەشەکانی تەقەتەق دەکەن و رایدەکێشن.

## هەڵبژاردەیەک لە خاتوونەوە بۆ عازەر

ئەوە دیسان جارێکی دیکە کردم
هەموو دە ساڵ جارێک
قازانج دەکەم

وەک ئەوەی من پەرچوویەکی گەڕۆک بم
پێستم پرشنگدارە
وەک گڵۆپێکی نازی
پێی راستەم گرانە بۆ کاخەزەکان
رووم کەتانێکی نەرمی یەهودی
بێ رووخسارە
پەلکەکەی لەسەر لابە
ئەی دوژمنم!
ئایا دەتترسێنم؟

من ژنێکی روو بەخەندەم
هێشتا سی ساڵیم
منیش وەک پشیلە نۆ روحم هەس تا بمرم.

مردن هونەرە
وەک هەموو شتێک تەنیا خۆی نەبێت
منیش بە لێهاتوویەوە نمایشی دەکەم

نمایشی دەکەم تا وەک دۆزەخ دەربکەوێت
نمایشی دەکەم تا دەبێتە راستی
دەتوانن بڵێن ئەو بانگهێشتی منە.

بەڵام باجێک هەیە بۆ ئەوەی ناپاکی لە جێبرینەکانم بکەم
بۆ ئەوەی گوێ لە ترپەی دڵم بگرم
ئاه، بەڕاستی لێدەدا!

باجێک هەیە
باجێکی زۆر گران
بۆ هەموو وشەیەک، بۆ هەموو دەستلێدانێک
لە چەند دڵۆپە خوێنێکم
لە تاڵەموویەکی پرچم
یان پارچە جلێکم.

واتە ئەوها گەورەم دکتۆر
ئەوها
ئەی دوژمنەکان
من شاکارتانم
منداڵی زێرینی گرانبەهای پاکتان
کە لە چریکەیەکدا دەتوێتەوە.

و دەگەڕێم و دەسووتێم
بەڵام وا نەزانن
بە نائارامیتان ئاگادارم.

خۆڵەمێشم من، خۆڵەمێش
ئێوەش پێوەدەدەن و دەهەژێنەوە.
گۆشت، ئێسقان، چ شتێک لێرە نییە.

تەختەی سابون
ئەلقەی هاوسەرداریی
ددانێکی زێڕ.
ئەی گەورەم خودا، ئەی گەورەم ئیبلیس
ئاگادار بن
ئاگادار
لە نێو خۆڵەمێشدا
بە قژی سوورمەوە هەڵدەستمەوە
پیاوەکان وەک با  قووت دەدەم.

من ستوونیم
من ستوونیم
بەڵام حەزم دەکرد ئاسۆیی بام
درەختێک نیم رەگی لە خاکدا بێت،
خوێیە کانزاییەکان و خۆشەویستی دایکایەتی هەڵمژم
بۆ ئەوەی لە ئاداردا گەڵاکانم گەش ببنەوە
من جوانی حەوزی گوڵانیش نیم
کە بە رەنگەکانی ئاهەکان دەگێڕێتەوە
نازانێت بەو زووانە من کەدەکانم لەدەست دەدەم.
بە بەراورد بە من، دار نەمرە
چەپکە گوڵیش،ئەگەر لە من بڵندتر نەبێت، بەڵام دڵبەرترە

منیش ژیانی درێژی یەکەم و ئازاییەتی دووەمم دەوێت.

ئەمشەو، لە ژێر کزە رووناکی ئەستێرەکان
درەخت و گوڵە ساردەکان بۆنی خۆیان ون کرد
بە نێویاندا تێدەپەڕم، بەڵام ئاوڕ نادەنەوە.
هەندێجار وا دەزانم خەوم لێکەوتووە
دیارە بەتەواوی پێیدەچم-
بیرۆکەهایەک تاریکی قووتیان دەدات.
سرووشتییە راکشا بم
ئاوا دەچینە ئاسمان و منیش لە گفتوگۆییەکی راستەوخۆدام.
چەند پڕ سوودە ئەو رۆژەی بۆ ئەبەد رادەکشێم:
ئەو کاتە لە کۆتاییدا درەختەکان دەستم لێدەدەن.

سەرچاوە:
http://www.jehat.com/Jehaat/ar/Antolojya/Moktarat/silveya.htm

## یانیس ریتسۆس



لێوەکانم گوێچکە بچووک و نەرمەکەت گەڕان
چۆن جێی هەموو موزیک دەکات؟

*

لە ژێر هەموو وشەکاندا
دوو جەستە یەکدەگرن و
جیادەبنەوە

*

لە چەند شەوێکدا
چۆن دەکرێ جیهان دروست بکرێت و
بروخێ؟

*

دەست لە پەنجەکانی پێت دەدەم
ناکرێت ئەو جیهانە
بژمێردرێت

*

دوو مانگ بێ یەکتر دیتن
سەدەیەک و
نۆ چرکە

*

سوور
بە هێڵێکی شاقوولی
سێو بەردەبێتەوە نێو رووبار
سەرئاو دەبێت و
دەڕوا

*

ئەندامە شاراوەکان
ئاماژە دەکەن
لەدەرەوەی زەمەن
کەشتییە رووناکەکان دەگەن، دەڕۆن،
قەتیش فیتەیان نایێت

*

لە پەنجەرەی بەرامبەردا
رووناکییەک هەیە
جلەکانت دادەکەنی
تۆ هەمیشە تۆیت

*

چیمەنتۆ بوونی نییە
بۆشایی
ئاسن دووبەدەری کردووە

*

جەستەت نابینرێت
دەگیرێت
دوو چۆلەکە لە بن باڵت
خاچێک لەسەر مەمکت
و مردنیش نا

*

چەکوشێ هەڵدەگرم
هەوا دەتاشم
پەیکەرت دادەهێنم
بە کراوەیی
دەچمە نێوی و
لەوێ دەمێنمەوە

*

لە نێوەراستی چامەکە
تۆ و هەر تۆ
هەناسەت هەموو وشەکان
هەموو بێدەنگی
پڕ دەکاتەوە

*

لەسەر دەستەکانم هەڵتدەگرم
ئینجا دەفڕم

*

جەستە
ئاسمانە.
هیچ فڕینێک
ماندووی ناکات

*

جلەکانمان داکەند
دەرەوەمان کلیل دا، لەپشت دەرگا
ماڵەکان، سەگەکان،
باخچەکان، پەیکەرەکان و
مردن

*

مردووەکان
چۆن بێ خۆشەویستی دەژین؟

*

پرچی تەڕتم داهێنا
شانەکەشم
لە بن شیعرەکە دانا

## پێنج گۆرانی"دایدۆ"

Dido Florian Cloud de Bounevialle Armstrong



**دایدۆ فلۆریان کلۆود بۆنیڤیال ئارمسترۆنگ ناسراو بە (دایدۆ) لە (25دیسێمبەری 1971) لە لۆندۆن، لەدایکبووە.**
**دایکی فڕەنسییە و شاعیرە، باوکیشی ئیرلەندییە و کاری بڵاوکردنەوە دەکات. برا گەورەکەی (رۆلاند کۆنستنتین) بەرهەمهێنەری گۆرانییە.**
**دایدۆ، لە لۆندۆن، لە خوێندنگەی (Guildhall School of Music and Drama)موزیکی خوێندووە .**
**دایدۆ میوزیسیەنە و جۆرەکانی گۆرانی ( پۆپ، تریپ پۆپ و ئەلتەرناتیڤ رۆک) دەچڕێ. ئامێرەکانی (پیانۆ، گیتار، دڕام و "ریکۆردەر" recorder -کە جۆرێکی فلوتە) دەژەنێت.**

**(1)**

### گۆرانی: سوپاس

http://www.youtube.com/watch?v=cUZyFphrG3s

چایەکەم سارد دەبێتەوە، پرسیار دەکەم بۆ
لە نوێنەکەم بە تەواوی هەڵدەستمەوە
سپێدە، هەور دەبارێنێتە سەر پەنجەرەکەم
منیش ناتوانم هیچ ببینم
هەتا ئەگەر من بەتەواوی خۆلەمێشیش ببم
بەڵام وێنەکەت بە دیوارەکەمەوەیە

بیرم دینێتەوە کە ئەوە زۆر خراپ نییە
ئەوە زۆر خراپ نییە

شەوی رابردوو زۆرم خواردەوە، هەندێ لیستەی پارەم بۆ هاتن
هەستم بە ژانە سەر کرد
بە پاس رانەگەیشتم ، ئەمڕۆم دەبێتە دۆزەخ
دووبارە لە کار دواکەوتم
خۆ هەتا لەوێش بم، ئەوان هەموویان ئاماژە دەکەن
کە ڕەنگە من دوا رۆژم نەبێت
ئینجا تۆ تەلەفۆنم بۆ دەکەیت: کە ئەوە زۆر خراپ نییە،
ئەوە زۆر خراپ نییە

دەمەوێت سوپاست بکەم
کە باشترین رۆژی ژیانم پێدەبەخشی
ئەگەر بەس دەگەڵ تۆ بم
خاوەنی باشترین رۆژم لە ژیانمدا

دەرکەکە پاڵدە، لە دواییدا من لە ماڵەوەم
و من بەتەواوی تەڕ دەبم
ئینجا تۆ خاولیێکم دەدەیتێ
منیش تەنیا تۆ دەبینم
هەتا ئەگەر ماڵەکەشم پڕمێ
بەڵگەیەکم نایێت
چونکە تۆ لە من نزیکیت و

دەمەوێت سوپاست بکەم
کە باشترین رۆژی ژیانم دەدەیتێ
ئەگەر بەس دەگەڵ تۆدا بم
خاوەنی باشترین رۆژم لە ژیانمدا

**(2)**
**ئاڵای سپی**
http://www.youtube.com/watch?v=j-fWDrZSiZs&ob=av2n

دەزانم تۆ پێتوایە نابێت هێشتا خۆشمبوێیت
یان وات پێ بڵێم
بەڵام ئەگەر واش نەڵێم، هەمیشە ئەو هەستەم هەر هەیە
ئەمە چ جیاوازییەکی تێدایە؟

سۆز دەدم کە هەوڵنادەم ژیانت سەختتر بکەم
یان بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی کە لێی بووین

بەڵام من دەگەڵ ئەم بەلەمە نقووم دەبم و
نامەوێت دەستەکانم بڵندبکەم و خۆم بەدەستەوە بدەم
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم
من دە خۆشەویستیدام و هەمیشەش دە خۆشەویستی دا دەبم

دەزانم من فەوزا و خراپکردنێکی زۆرم بەجێهێشت
لە گرفت زیاتر هۆکاری هیچی دیکە نەبووم
تێدەگەم ئەگەر نەتوانی جارێکی دیکە قسەم دەگەڵ بکەیتەوە
ئەگەر بە یاسای(کۆتایی هات) ژیان بکەیت
دڵنیام ئەوە جیاوازییەک دروست دەکات

بەڵام من دەگەڵ ئەم بەلەمە نقووم دەبم و
نامەوێت دەستەکانم بڵندبکەم و خۆم بەدەستەوە بدەم
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم
من دە خۆشەویستیدام و هەمیشەش دە خۆشەویستی دا دەبم

کەینێ یەکدیمان بینییەوە، کە دڵنیاشم یەکدی دەبینینەوە

هەموو شتەکانی ئەوێ، هەر لەوێ دەمێننەوە
لێدەگەڕێم پرواو زمانی خۆم دەگرم
جا تۆش وا دەزانی من بەسەرچووم

من دەگەڵ ئەم بەلەمە نقووم دەبم و
نامەوێت دەستەکانم بڵندبکەم و خۆم بەدەستەوە بدەم
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم
من دە خۆشەویستیدام و هەمیشەش دە خۆشەویستی دا دەبم

من دەگەڵ ئەم بەلەمە نقووم دەبم و
نامەوێت دەستەکانم بڵندبکەم و خۆم بەدەستەوە بدەم
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم
من دە خۆشەویستیدام و هەمیشەش دە خۆشەویستی دا دەبم

من دەگەڵ ئەم بەلەمە نقووم دەبم و
نامەوێت دەستەکانم بڵندبکەم و خۆم بەدەستەوە بدەم
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم
من دە خۆشەویستیدام و هەمیشەش دە خۆشەویستی دا دەبم

**(3)**
**ژیان بۆ کرێ**
http://www.youtube.com/watch?v=OFtNChII78k

من هەرگیز شوێنێکم بەراستی نەدۆزیەوە، ناوی بنێم ماڵەوە
من هەرگیز کاتێکی پێویست نەگیرسامەوە ، تا ئاوای بکەم
بەداخەوە کە من ناتوانم دیسان عاشق ببمەوە
بەڵام ئەوە بەو شێوەیە نییە کە گوایە
من ئەو دڵەی تۆ بە راستی بشکێنم
ئەوە هزرێکە و بەس، تەنیا هزرێکە

بەڵام ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێت و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت
چونکە هیچ شتێک بەراستی ئی من نییە

هەمیشە بیرم دەکردەوە
کە عەشقم دەویست بۆ ئەوەی بە دەریا بژیم
بە تەنیا بە جیهاندا بگەڕێم
ساکارتر بژیم
هیچ هزرێکم نەبێت ئەو خەونە چی بەسەرهات
چونکە لێرە بەراستی هیچ شتێک نییە من رابگرێت
ئەوە هزرێکە و بەس، تەنیا هزرێکە

ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێت و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت
چونکە هیچ شتێک بەراستی ئی من نییە

تاکو دڵی من قەڵغان بێت و نەیەلم بەربێتەوە
تاکو من ترسم هەبێت لە شکست
هەتا نەمەوێت هەوڵیش بدەم
جا چۆن بڵێم من زیندووم

ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێت و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت
چونکە هیچ شتێک بەراستی ئی من نییە

ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێت و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت
چونکە هیچ شتێک بەراستی ئی من نییە

چونکە هیچ شتێک بەراستی ئی من نییە
چونکە هیچ شتێک بەراستی ئی من نییە
چونکە هیچ شتێک بەراستی ئی من نییە

**(4)**

**لێرە دەگەڵ مندا**

http://www.youtube.com/watch?v=PoZ-br8KGsE

گوێم لێنەبوو کە ڕۆیت
سەرم سوڕماوە چۆن هێشتا لێرەم
نامەوێت تاکە شتێک لێرە بجوڵێنم
ڕەنگە یادەوەری من بگۆڕێت

ئۆە من، من چیم؟
هەر شتێکم بوێت دەیکەم
بەڵام من ناتوانم بشاردرێمەوە
نامەوێت ڕۆم
نامەوێت بنووم
ناتوانم هەناسە بدەم
تا تۆ لەتەک مندا پشوو نەدەی

ناموێ ڕۆم
ناتوانم خۆم بشارمەوە
ناتوانم ببم
تا تۆ لێرە دەگەڵ مندا پشوو نەدەی

نامەوێت پێوەندی بە دەستەخوشکەکانمەوە بکەم
ڕەنگە لەو خەونە بە ئاگام بێننەوە

ناتوانم ئەو پێخەڤە بەجێبێڵم
لە ترسی بیرچوونەوەی هەموو ئەو شتانەی بوون

ئۆە من، من چیم؟
هەر شتێکم بوێت دەیکەم
بەڵام من ناتوانم بشاردرێمەوە
نامەوێت ڕۆم
نامەوێت بنووم
ناتوانم هەناسە بدەم
تا تۆ لەتەک مندا پشوو نەدەی

**(5)**

**راوچی**

http://www.youtube.com/watch?v=1qmKk7fj9Ug&ob=av2n

دەگەل چرایێکی رۆشن لەژوورێکدا
کە دێمەوە ماڵەوە بە هەستانەوەت دەزانم
دەگەڵ هەنگاوێچکەیێک بەسەر پەیژەکە
کەدەگەمە ئەوێ دەزانم روانینت چۆنە
ئەگەر واتێدەگەیت پاشایت لەوێ لەسەر تەختی خۆتیت
ئەوەندە حەکیم دەبیت تا بهێڵیت ڕۆم؟
بۆ ئەو شاژنەی تۆ وادەزانیت خاوەنی ئەویت
دەیوێت دووبارە بیێتەوە بە راوچی
دەیوێت دووبارە دنیا بە تەنیا ببینێت
بۆ ئەوەی دووبارە چانسێکی دیکە لە ژیان وەرگرێت
بۆیە لێمگەڕێ ڕۆم

کتێوی نەخوێندراوە دەگەڵ روانینی بە ئازار

تێلەڤیزیۆن داگیرساوە، دەنگەکەی نزمە
وەستانێکی درێژ
دواتر تۆ دەست پێ دەکەیت
ئا پروانە پشیلە چی هێناوە
ئەگەر واتێدەگەیت پاشایت لەوێ لەسەر تەختی خۆتیت
ئەوەندە حەکیم دەبیت تا بهێڵیت پرۆم؟
ئەو شاژنەی تۆ وادەزانیت خاوەنی ئەویت
دەیوێت دووبارە ببێتەوە بە راوچی
دەیوێت دووبارە دنیا بە تەنیا ببینێت
بۆ ئەوەی دووبارە چانسێکی دیکە لە ژیان وەرگرێت
بۆیە لێمگەڕێ پرۆم
لێمگەڕێ جێبێڵم
بۆ تاجەکە شوێنێکت هەیە کە تەپڵی سەری منە
کە ئێستا هەست دەکەم گرانە
و نامەوێت بە تۆ بڵێم
هەرچۆنێک بێت خەندەت بۆ دەکەم
هەموو کاتیك بیر دەکەمەوە و بیر دەکەمەوە
کە دووبارە ببمەوە راوچی
دەمەوێت بەتەنیا دنیا ببینمەوە
بۆ ئەوەی چانسێکی دیکە لە ژیان وەرگرمەوە
بۆیە لێمگەڕێ پرۆم
دەمەوێت دووبارە ببمەوە راوچی
دەمەوێت دووبارە بەتەنیا دنیا ببینمەوە
بۆ ئەوەی چانسێکی دیکە لە ژیان وەرگرمەوە
بۆیە لێمگەڕێ پرۆم
لێمگەڕێ جێبێڵم
لێمگەڕێ پرۆم